
# «کوردبوون» و بنبەستی ڕاڤەکان

مەسعود بابایی



**ئاماژە**

«نیشتمان لەنێو نیشتمان»دا و«هاوچارەنووسی»ناکۆکن؛ دۆشدامانبوونی«ڕێکخراوی سیاسی» لە بەرانبەر وەها ناکۆکییەکدا، خۆبەدەستەوەدانی «سیاسەت» بەو ناکۆکییەکەی لێ کەوتووەتەوە. ئەم دۆخە وا دەکات کە «ڕێکخراوی سیاسی» ـ لەنێو کورددا ـ لە پێشباری یەکەمەوە بۆ پێشباری دووەم باز بدات، واتە خۆی بە زەمینەی کەتوار بەو چەشنەی کە هەیە بسپێرێت

یەکێک لە پەرۆشی و کەڵکەڵەکانی رووناکبیرانی کورد، پێناسەکردنی چەمکی «کوردبوون»ە. گەلێک وتار و باسوخواسی تیۆری و ڕوانگەی هەمەچەشنە لەمەڕ پێناسەکردنی «فەرهەنگی» و «سیاسی»ی کورد وەک کۆنترین نەتەوەی بناری زاگرۆس یان نێوچۆمان (میزۆپۆتامیا) لە لایەن خامەبەدەستان و توێژەرانی ئەم بوارە خراونەتە ڕوو کە لەگەڵ ئەوەی لەباری «تیۆریک»ەوە هەوڵی خاکەڕایانە و جێی ڕێزن، بەڵام دواجار چاوی واقەلواقی کورد لەمەڕ ناسینی خۆی، تا ئێستەش لەسەر خاڵێک و کیانێکی فەرهەنگیی پێناسەکراوی تۆکمە نەگیرساوەتەوە و هێشتا دەمەزەردکردنەوەی «گریمانە» و «تیۆرییەکان» بۆ خوێندنەوەی شوناسی «کوردبوون» وەگەڕ دەخرێ و وەکو ئاوی بەخوڕ لە لمی فشدا ون دەبێ!

مێژوو مەیدانی «یادگە» و «بیرەوەری»یە. «خۆفامین» و «خۆناسین» لەنێو «مێژوو»دا دێنە دی. «مێژوو» لە دەفری «کات» و «شوێن» و «ڕووداو»دا بەرجەستە و زەق و زەلا دەبێتەوە و هۆشیاری بە سێکوچکەی کات، شوێن، ڕووداو وەدەستهێنانی پێگەی «شوناس»ە. لەگەڵ ئەوەی هەموومان لەمەڕ ئەم بابەتە کەم تا زۆر سووکەئاشنایەتییەکمان هەیە و لێرە و لەوێ لە توێژینەوەکانی تایبەت بە «شوناس» و «کیانی فەرهەنگی» بەگوێرەی مێتۆدی هێرمێنۆتیکی، ئەم باسە ـ بە هانابردن بۆ هێرمێنۆتیکی فەلسەفیی گادامێر ـ هاتووەتە کایەوە، بەڵام لەبەر نەبوونی «سێنتز»ێک کە «کوردبوون»ی تێدا بنەجێ و سەقامگیر بووبێت، خوێندنەوەی تیۆرییەکانی ئەوانیدی نەیتوانیوە کۆدەنگییەک لە پێناسەی «کوردبوون» بهێنێتە کایەوە.

ڕەنگە شێوەی نووسینەوەی مێژوو و داوەریی مێژوویی لەمەڕ خۆمان، کاریگەریی لەم مەسەلەیەدا هەبێت. «گێڕانەوە» و دەمەزەردکردنەوەی «بیرەوەریی مێژوویی» تەدارەکدەری خودئاگاییی کۆمەڵانی خەڵکە. «هەستی گشتی» و «هاوسۆزی» و «بەتەنگەوەهاتن» بەرەنجامی هەستکردن بە «هاوشوناسی»ن کە وامان لێ دەکات پەی بە «هاوچارەنووسی» بەرین. هیچکات بڕوام بەوە نەبووە کە خوێندنەوەی تیۆرییەکانی ناسیونالیزم بەتەنیا بتوانێ ببێتە داڕێژەری ناسیونالیزمێک بە ناوی «ناسیونالیزمی کوردی» کە بە بۆچوونی بەندە هێشتا لە دایک نەبووە. هەرچەند لە دروشمە سیاسییەکانماندا هەوڵ دراوە بە شێوەیەک لە شێوەیەک چارەنووسی هاوبەشی کورد بە یەک چارەنووس ببەسترێتەوە، بەڵام بەکردەوە هێشتا باسکردن لە «هاوچارەنووسی» بۆ کورد وەک «موزاییکێکی شێواو» نەک «موزاییکێکی فرەڕەنگ» لە دووتوێی باسوخواسی ڕووناکبیرانەی پشوکورتدا ماوەتەوە و لە زەمینەی کەتوار(واقعیت)ی ژیانی کۆمەڵایەتی ـ فەرهەنگی و سیاسیدا سنوورەکانی جوگرافیای ئیتنیکی لە سنووری جوگرافیای نەتەوەیی زەق و زۆپترە. ئەگەر سەیرێکی جوگرافیای مرۆیی و سروشتیی کوردستان بکەین، هەرێمەکان تێکتەنراو نین، بەڵکو کۆمەڵە بازنەیەکن کە (خێڵ ـ شێوەی ئاخاوتن) بەئاسانی دەتوانێ ئەم بازنانە بکاتە دوژمنی یەکدی. دانان بە دۆخی کەتواری فەرهەنگی و هێشتنەوەی دۆخی ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵە خەڵکێک و «خوڵکەخزمانێ» (تعارف، مجامله) لەگەڵیدا ناکرێ «نەتەوە»ی لێ بڕسکێ و نابێتە دەسمایەی ناسیونالیزم. دانان بە کۆمەڵەی بازنەکان کە لە شێوەی (خێڵ ـ شێوەی ئاخاوتن)دا دەبنە مایەی دروستبوونی «نیشتمان لەنێو نیشتماندا» لەمپەری گەورەی «نەتەوەسازی»یە. جا ئەگەر هێزێک لەنێو کورددا هەبێت و خۆی بە «نەتەوەیی» و «ناسیونالیست» بزانێ بە کام پێوەر دەتوانێ ئەم کۆمەڵە خەڵکە وەک نەتەوە لەقەڵەم بدات؟

گەڕانەوە بۆ «پێناسە»ی «پێناسەکراوەکان» بەو شێوەیەی کە لە ناسیونالیزمی خۆرئاواییدا خراوەتە بەرباس بە بێ لەبەرچاوگرتنی توخمی «خۆوڵاتی»(بومی) کارێکی نەکردەیە. هەوڵدان

بۆ یەکخستنی موزاییکێکی شێواو و ڕازیکردنی ئەم موزاییکە بەوەی لە کیانێکی فەرهەنگی ـ سیاسیی یەکپارچەدا و بە پاراستنی دۆخی چەقبەستووی خۆی، ڕوانگەیەکی»دۆن کیشۆتی»یە و هەرچ چاوەڕوانییەک لەم موزاییکە شێواوە بۆ گەیشتن بە خەونی یەکخستنی نەتەوەیەک، بێمانا و پووچە. دەستەوەستانی لە پێناسەکردن و دارشتنەوە و دۆزینەوەی چارەسەردا، بەرەنجامی سەپاندنی»تیۆری»یە بەسەر «کەتوار»دا؛ واتە: بیرۆکەیەک لە «زەین»ەوە دێتە دەرەوە و لە «کەتوار»دا ناگیرسێتەوە و دیسان دەگەڕێتەوە بۆ «زەین»! کایەی زەینیی ڕووناکبیران و خەمساردیی سیاسییەکان یان نەخوێندەواریی و هەژاریی هزریی بژاردەی سیاسیی کورد، تەنیا یەک ڕێگەی بۆ سیاسەتکردن هێشتووەتەوە: خولگەخزمانێ لەتەک کەتواری کۆمەڵایەتی ـ فەرهەنگی و خۆسپاردن بە شێوەژیانێکی سواوی مێژوویی کۆمەڵە خەڵکێک کە هیچکات بەشێوەیەکی بەرهەستەکی(عینی، ئوبژەکتیڤ) نەیانتوانیوە هەست بە «هاوچارەنووسی»بکەن. ئەمە کە کەسانێک یەک شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتییان هەبێت(ژیانی خێڵەکی) و دراوسێی یەکدی بن و تا ڕادەیەکیش لە گەڵێ خاڵدا هاوشێوەی یەکدی بن و دابونەریتیان لە یەکدی بچێت، ئەمە نیشانەی ئەوە نیە کە ئیدی ئەم کۆمەڵە خەڵکە «نەتەوە»ن، بەڵکو ئەمە ئایدیای ڕێکخستن، پێکەوەبوون لە دروستکردنی یەک نیشتماندا، دروستبوونی چەمکی «هاونیشتمانی»یە کە دەتوانێ مزگێنیدەری «نەتەوە» بێت. بەشداریکردنی»خێڵ» لە «سیاسەت» و «دەسەڵات» و «شار»دا بە بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێک بە سەر پێکهاتە و بونیادی خۆیدا بهێنێت، تەنیا بەهێزبوونی هەرچی زیاتری «قەڵەمڕەو»یەتی کە سنوورە نێوخۆییەکانی جوگرافیای «نەتەوە» تۆختر دەکاتەوە. پێشنیارکردنی کۆمەڵە سیستمێکی نامۆی وەک «کانتۆن»، «خۆبەڕێوەبردنی دیمۆکراتی» کە تێیدا هەرێمی (خێڵ ـ شێوەی ئاخاوتن) وەک کیانێک لەنێو کیاندا یان «نیشتمانێک لەنێو نیشتماندا» پەسند دەکرێ، نیشانەی چارەسەرکردن نیە، بەڵکو نیشانەی دەستەوەستانییە لەبەرانبەر کێشەیەکی هەزاران ساڵەی مرۆڤی کورد کە هەمیشە لەجێی دروستکردنی «نەتەوەیەکی یەکپارچە» بیری لە «فێدراسیونیخێڵەکان»کردووەتەوە کە بەداخەوە ئەو ئاواتەش نەهاتووەتە دی! چ بگات بەوەی کە بەرەبەرە بە «نەتەوە» بگات.

## هاوشوناسی و هاوسۆزی:

أ. هاوشوناسی: بریتییە لەوەی کە کۆمەڵە خەڵکێک لە جوگرافیاییەکدا بتوانن توخمە هاوشێوە و جیاوازەکانیان لێک هەڵاوێرن و بەگوێرەی دووری و نزیکیی توخمە فەرهەنگییەکانیان پێوەندییەکانیان پێناسە بکەن و لەسەر بنەمای ئەم پێناسەیە خۆیان لە ئەویدی جیا بکەنەوە و ڕادەی جیاوازی و هاوشێوەییان کە لە پرۆسەیەکی ڕەفتارناسانە و ڕەفتاری زمانیدا دێتە دی، مەزەندە بکەن؛ واتە: مەودا ـ جیاوازی.

ئەم هەڵسەنگاندنە، بەراوردکارانەیە. ڕێژەی هاوشێوەیی و ڕێژەی جیاوازی دەتوانێ لە دارشتنەوەی ماناکانی(خزمایەتی و ئاشنایەتی و بێگانەیی)دا ببێتە مایەی پەیبردن بە جۆرێک لە «هاوشوناسی».

ب. هاوسۆزی: نزیکایەتی و خاڵە هاوبەشەکان و شێوەی ژیانی هاوبەش کە دەبێتە مایەی پەیبردن بە «هاوشوناسی» لە ڕەوتی پێوەندی و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری زمانیدا بەرەبەرە «هاوسۆزی»ی لێ دەکەوێتەوە کە لە کردەی «بەتەنگەوەهاتن»دا خۆی دەنوێنێت.

لە دوایین وێستگەدا «هاوچارەنووسی» دێتە کایەوە؛ مەرج نیە فرچکگرتن و هەستکردن بە»هاوشوناسی» و «هاوسۆزی» خۆبەخۆ»هاوچارەنووسی»ی لێ بکەوێتەوە.

«هاوچارەنووسی»بابەتێکی «دەروونی» و «زەینی» نیە، بەڵکو بابەتێکی بەرهەستەکییە و فاکتەکانی لە دەرەوەن و بەستێنەکانی«ژینگە» و «جوگرافیا» و «ئابووری» دەوری سەرەکیی تێدا دەگێڕن. بۆ نموونە، کوردستان بە سەر چوار «وڵات»دا دابەش کراوە و بەو پێیەش «ژینگە» و «جوگرافیا» و «ئابووری»یشی دابەش کراون و چارەنووسی کوردی هەر کام لە پارچەکان بە خواستی خۆیانەوە بەند نیە، بەڵکو بە زەبرێکەوە بەندە کە ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەوانی لە چەڵەمە داوە و بەم پێیە لەتەک ئەوەی کە «هاوشوناسی» و «هاوسۆزی» لە باری «کۆمەڵایەتی» و «فەرهەنگی»یەوە بەدیدەکرێت، بەڵام مەخابن لە باری سیاسییەوە وەها شتێک بەرچاو ناکەوێت. ئەگەر سەیری پارسەنگی هێزی هەرکام لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد بکەین، ڕەفتاری سیاسییان نیشان دەدات ـ کە بەگوێرەی بارودۆخی هەر کام لە پارچەکانی کوردستان کە بە سەر وڵاتێکی داگیرکەردا دابەش کراون ـ «هاوچارەنووسی» چەندان بڕشتێکی نیە، هەرچەند دروشمی هەر چوار پارچەی کوردستان لە ڕۆمانتیسیزمی شۆڕشگێڕیدا بەزەقی بەرچاو دەکەوێت بەڵام بەکردەوە وەها «هاوچارەنووسی»یەک بەرچاو ناکەوێت. هەر بەگوێرەی پێشبار(اولویت)ەکان لە سیاسەتی حزبەکاندا ئەم «هاوچارەنووسی»یە دەخرێتە ژێر پرسیارەوە. کوردستان وەک شوناس یەک وڵاتە، بەڵام لە جوگرافیای سیاسیدا لە گەمەی چوار سیاسەتدایە و چوار فەرهەنگی سیاسی ئەم وڵاتەی ئێمە بەڕێوە دەبەن کە وێناکانی ئێمەی لەمەڕ «هاوچارەنووسی» شێواندووە.

لە سەرێکی دیکەوە لە باری وێژمانی(دیسکۆرسیڤ)شەوە، لەبەر نەبوونی زمانێکی ستاندارد و شێوازێکی دیاریکراوی نووسین و ئەدەبیات، بەکردەوە «ڕێکخستنی نەتەوەیەک لەسەر کاغەز» لەبار چووە. «وێژمان» لەنێوزماندا ڕوودەدات و پەیکاڵکەر(تطبیق دهندە)ی «دەرهەست»(ذهن) و «بەرهەست»(عین)ە. واتە جیهانی بەرهەستەکی(عینی) بۆ کاتیگۆرییەکی زەینی وەردەگێڕێت. دیارە «وێژمان» لە پرۆسەیەکی دەموودووکردندا چێ دەبێ و پێویستە هەردووک لای دەموودووەکە لەسەر سیستمێکی چەمکی ڕێک بکەون تا بتوانن بە دووبارەداڕشتنەوەی بەستێنەکانی فەرهەنگ، کۆمەڵگە، سیاسەت، ئابووری و زێد و نیشتمان و بەگشتی جوگرافیای نەتەوە، «هاوچارەنووسی»ی خۆیان پێناسە بکەن و بەکردەوە ببن بە «هاوچارەنووس».

> میژوو مەیدانی «یادگە» و «بیرەوەری»یە. «خۆفامین» و «خۆناسین» لەنێو «مێژوو»دا دێنە دی. «مێژوو» لە دەفری «کات» و «شوێن» و «ڕووداو»دا بەرجەستە و زەق و زەلا دەبێتەوە و هوشیاری بە سێکوچکەی کات، شوێن، ڕووداو وەدەستهێنانی پێگەی «شوناس»ە

کۆسپەکانی هاوچارەنووسی لە کۆمەڵگەی بندەستی کورددا گەلێک زۆرن؛ لەگەڵ ئەوەی بەگوێرەی وێنایەکی هاوبەش لە «کوردبوون» ئێمەی «کورد» هاوزمان و هاونیشتمانییەکانی خۆمان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بە بەشێک لە خۆمان دەزانین، بەڵام هێشتا لە پێوەندیگرتن و هاوخەمی و هاومشووری لەگەڵیان تووشی گرێی تێگەیشتنین. «تێگەیشتن» هەم لە ئاستی زمانی و هەم لە ئاستی «وێنای هاوبەشی فەرهەنگی». لەو دەمەی کە ئێمە خەریکین بەشێک لە جەستەی «نەتەوە»کەمان بناسین، لەمپەرەکانی «ئەویدیناسین» قوت دەبنەوە. هەم ژینگەی فەرهەنگی و هەم ژینگەی سیاسیی پارچەکانی جەستەی نەتەوەی کورد نەبوونەتە جەستەیەکی تۆکمە کە لە باری وێژمانییەوە «بیرۆکە»یەکی هاوبەشی فەرهەنگی ـ سیاسیی بە دوادا بێت. تەنیا مانەوە وەک یەکەیەکی فەرهەنگی ناتوانێ دەستەبەری «نەتەوەبوون»

بێت. واتە دۆخێکــی مێژوویی ژیانی کۆمەڵە خەڵکێک کە گەلێ خاڵی هاوبەشـیان هەیە، ناتوانــێ هەمــوو پاوەجێکەرەکان(مقومــات)ی»نەتەوەیەک» لە دۆخێکــی پەنگراو(بالقوە)ەوە بۆ دۆخێکی بەرنهێم (بالفعل) وەربگۆڕێت. بەرنهێمێتی(فعلیــت)ی شــوناس دۆخێکــی دینامیکییــە کە لــە باری بەرهەســتەکی و دەرهەســتەکیدا وەگەڕ دەکەوێ و بەگوێرەی پرۆسەی «چەمکسازی»، سیستمێکی چەمکی دەڕەخسێنێ کە لەو ڕێگەوە مەوداکانی «من» و «ئێمە»(بازنەی خزمایەتی)، «تۆ» و «ئێوە»(بازنەی ئاشــنایەتی) و «ئەو و «ئێوە»(بازنەی بێگانەیی) دەستنیشان دەکات. بە بۆچوونی بەندە»هەستی هاوبەش» کاتێک لەنێــو تاکەکانــی نەتەوەیەکدا دەڕەخســێ کە بتوانێ بازنەکانی پێوەندیی (مــن ـ ئێمە)، (تۆ ـ ئێوە)، (ئەو ـ ئەوان)، لێکهەڵاوێر بکات کە لە وێستگەکانی دواتردا «هاوشوناسی و بەتەنگەوەهاتن»ی لــێ دەکەوێتــەوە؛ هەرچەند تا گەیشــتن بە «هاوچارەنووسی» ڕێگەیەکی درێژمان لە پێشە. یەکە پێکهێنــەرە کۆمەڵایەتییەکانی جوگرافیــای کوردســتان لەبەر دابڕانــی جوگرافیایــی، تەنیــا بــە نۆســتالێژیای مێژوویــی و میراتێــک لە ڕابردوودا هەست بە نزیکایەتی لەتەک «یەکە» پێکهێنەرەکانی دیکەدا دەکەن، بەڵام بەکردەوە لە «پێوەندیگرتــن»دا لەبەر نەبوونی وێژمانێکی هاوبەش، شتێکی هاوشێوەی بازنەی ئێتنیکی دەبێتە مایەی بازنە لەنێو بازنەدا و جوگرافیای نیشــتەجێبوونی ئەم کۆمەڵە یەکە پێکهێنەرە تەنیا وەکــوو کۆمەڵــە بازنەیــەک وەبەرچاو دەکەوێــت کە بە چیا و ڕووبــار دەورە دراوە و «زار» قەڵەمڕەویەتی و بێجگە لەم قەڵەمڕەوە ئەو دیوی بازنە وەک «مەیدانی وێژمان» نابینرێت. هەرچەند هاوشــێوەییەکان وامان لێ دەکەن

**بڕوام بەوە نیە کە هەموو فرەڕەنگییەک خۆبەخۆ مایەی هێزە و ئێمە دەبێ لە هەموو بارودۆخێکدا بە فەرمیی بناسین؛ قبووڵکردنی فەرهەنگی پلۆرال بە مانای قبووڵکردنی سیستمی خێڵەکی نیە**

پێکــەوە هەڵبکەیــن و جاروباریش لە هەندێ بواری تایبەتدا بۆ ئامانجێک یەک بگرین، بەڵام ناتوانین هەموومان لە یەک بزووتنەوەی سیاسیدا بە یــەک «وێژمانی دیاریکــراو» یەک بگرین. چونکە هێزە سیاســییەکانی کورد بە درێژایی مێژوو لــە چەقێکی بازنەی شــێوەئیتنیکیدا سەریان هەڵداوە کە زیاتر ڕەنگدانەوەی (خێڵ ـ شــێوەی ئاخاوتن)ە و هەڵگری وێژمانێکە کە لەبەر «زەبری زار» لە جوگرافیایەکی سنووردارا قەتیس دەمێنێتەوە و پەل بۆ ناوچەکانی دیکە ناهاوێــت. بەرەبەرە فرەحزبی لەســەر بنەمانی «بەرتاو»(منطقــە نفوذ) دێتــە کایەوە کە پاش شــەڕی نێوخۆیــی بەناچــاری سازوکاری»ڕێکانە»(توافق) جێی ســازوکاری «دیمۆکراتیــک» دەگرێتەوە و لــە وەها دۆخێکدا بەفەرمیناســینی «بەرتاو» وەک کەتوارێکی سیاسی،«نەتەوەسازی» بــەرەورووی قەیرانێکــی گەورە دەکاتەوە.»بەفەرمیناسینی بەرتاو» کــە لەســەر بنەمــای ناوچەی (خێــڵ ـ شــێوەی ئاخاوتن)ە، چەمکی «نەتــەوە» بۆ «ئێتنیک» دادەلەنگێنــێ. دالەنگــاندنــی وێژمانی(تقلیل گفتمانی) سیاسی لەمەڕ «نەتەوەسازی» هەمیشە مەترســییەکانی شــەڕی نێوخۆیــی لە دڵی خەڵکدا دەهێڵێتەوە و سیاســییەکانیش لەبەر «بەرتاو»ی هێــزە سیاســییەکانی دیکە تەنیا دەتوانن بە «ڕێکانە» و دانوســتانی دووردرێژ و تاقەتپڕووکێن و ترسێکی شاراوە و دڕدۆنگی و بێ متمانەییەوە هەڵسوکەوت بکەن کە دەبێتە مایەی متبوونی فەرهەنگ و فەرهەنگی سیاسی کە تەنیاوتەنیا پاشکۆیەتی هێزە سیاسییەکانی لێ دەکەوێتەوە، چونکە ناچارن بۆ پاراســتنی «بەرتاو»ی خۆیان پشــت بە وڵاتێکی دراوسێ ببەســتن و لە میرنیشــینییەوە هەتا ئێســتە دۆخی کورد وەها دۆخێــک بووە! بۆیە دانان

بە بارودۆخێکی چەقبەستووی مێژوویی، سیاسەتی گۆڕانخواز و پەلهاوێژ وەلا دەنێ و سیاسەت لە جەغزی کەتواری چەقبەستوودا دەچەقێ و تەنیا دووبارەبوونەوەی ئەم کەتوارەی لێ دەکەوێتەوە. لەم دۆخەدا «هاوچارەنووسی» تێکڕای ماناکانی خۆی لە کیس دەدات و دروشمی بۆشی چارەنووسی هاوبەش لە گاڵتەوگەپی کۆمەڵگەشدا ڕەنگ دەداتەوە کە هەنووکە لە نوکتە و پلار و توانجی خەڵکی کورد بەرانبەر هێزە سیاسییەکاندا بەدیدەکرێت.

مانەوە و چەقین لە «بەرتاو»دا «حزب» دەخاتە «بەرتاوی (خێڵ ـ شێوەی ئاخاوتن) و بەرەبەرە خودی حزب و هێزی سیاسیش دەبێتە پارێزەری «نیشتمان لەنێو نیشتمان»دا.

هەموو گێرەوکێشەکە لەوەدایە کە ئاخۆ چلۆن «هاوچارەنووسی» بێتە کایەوە؟ چونکە ئەگەرهەستکردن بە»هاوشوناسی» پێوەندیی بە سیستمێکی وێنایی ـ نیشانەناسانەوە هەیە و پێوەندییەکانی دووری و نزیکی بەگوێرەی «مەودا ـ جیاوازی» میکانیزمی ئەم سیستمە وێنایی ـ نیشانەناسانەیە دەستنیشان دەکەن و بەتەنگەوەهاتنیش درککردن بەم «هاوشوناسی»یەیە، بەڵام دەبێ بزانین سەرەڕای ئەوەش، «بەتەنگەوەهاتن» بە دەروەستبوونێکی ڕەوشتی و ویژدانییەوە بەندە کە مەرج نیە هەموو جارێک گرێدراوی «هاوشوناسی» بێت. بەڵام «هاوچارەنووسی» گرێدراوی «مەیدانی وێژمانی»یە، هەرچەند بە بێ فاکتەری «هاوشوناسی» ناتوانین لە «هاوچارەنووسی» بدوێین، بەڵام پێداویستییەکانی «هاوچارەنووسی» لە «هاوشوناسی» زیاترن و «مەیدانی وێژمانی»لەم بوارەدا مەیدانێکی نەتەوایەتییە و ئەویش پێویستیی بە گۆڕەپانی سیاسەتە.

بەندە بڕوام بەوە نیە کە هەموو فرەڕەنگییەک خۆبەخۆ مایەی هێزە و ئێمە دەبێ لە هەموو بارودۆخێکدا بە فەرمیی بناسین؛ قبووڵکردنی فەرهەنگی پلۆرال بە مانای قبووڵکردنی سیستمی خێڵەکی نیە. دانانان بە فرەڕەنگییەک کە بەسەر فرەقەڵەمڕەویدا دابەش کراوە و کێشە بۆ سنووری نەتەوە و دەوڵەت ـ نەتەوە دەنێتەوە و «نیشتمان لەنێو نیشتمان» دەهێنێتە کایەوە، نەک هەر نارەوایە بەڵکو ترسناکیشە! مەبەستمان لە «فرەڕەنگی»، فرەڕەنگییەکی دێوجامەیی نیە، دێوجامە بریتییە لە فرەڕەنگییەکی شێواوی بێ پازڵ کە لەگەڵ ئەوەی لەباری سیمایی و دیدارییەوە پارادۆکسەکان تێیدا دەحەوێنەوە، بەڵام دێوجامە هەرچییەک بێت تەنیا سەرزناک (سرعلامت)ی ڕاوگەیە!

«نیشتمان لەنێو نیشتمان»دا و «هاوچارەنووسی» ناکۆکن؛ دۆشدامانبوونی» ڕێکخراوی سیاسی» لە بەرانبەر وەها ناکۆکییەکدا، خۆبەدەستەوەدانی «سیاسەت» بەو ناکۆکییەکەی لێ کەوتووەتەوە. ئەم دۆخە وا دەکات کە «ڕێکخراوی سیاسی» ـ لەنێو کورددا ـ لە پێشباری یەکەمەوە بۆ پێشباری دووەم باز بدات، واتە خۆی بە زەمینەی کەتوار بەو چەشنەی کە هەیە بسپێرێت؛ بەم شێوەیە «ڕێکخراوی سیاسی»یش دەکەوێتە نێو جەغزی دۆخێکی تێنەپەڕێنراوی مێژوویی و خودی ڕێکخراو یان هێزی سیاسی بەگوێرەی قەڵەمڕەوی «نیشتمان لەنێو نیشتمان»دا هەڵسوکەوت دەکات. کۆمەڵێک کەتواری سەرزەمینی لە یەک سەرزەمیندا دروست دەبن کە ڕەنگدانەوەی «بەرتاو»ی (خێڵ ـ شێوەی ئاخاوتن)ن و هێز و ڕێکخراوی سیاسی بەرەبەرە دەبێتە زمانحاڵی ناوچە و دیالکت و ڕێ و ڕەچەیەکی ئایینی یان هەر شتێکی دیکە و ئیدی بەپێچەوانەی بانگەشەکانی سەرەتای دامەزراندنی ناتوانێ نوێنەری بیرۆکە(ئایدیا) ی «کوردبوون» بێت؛ بەڵکو لە نێوەرۆکدا ڕەنگدەرەوەی گوتەزایەکی دالەنگێنراو(مقولەی تقلیلی)ە و ئەویش بەشێوەیەکی پەنامەکی دان بەو سنوورە نێوخۆییانە دادەنێ کە «خێڵ» بەگوێرەی «قەڵەمڕەوی میرنشین»ەکەی، لە جیهانە بچووکەکەی ڕەسەنایەتیی خۆیدا درێژە

به مانەوە لە دەرەوەی مێژوو دەدات.

ئەگەر سەیرێکی مووزاییکی سیاسیی کوردستان بکەین، نەخشەی جوگرافیایی کوردستان، هەمان دیمۆگرافیایە کە پێکهێنەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بەدرێژاییی مێژوو تێیدا نیشتەجێ بووگن. سنووره نێوخۆییەکان و ئاڵوگۆڕی نێوخۆییی حەشیمەت لە کەمترین ئاستی خۆیدا بووە. ئەگەر دەسکارییەکیش هەبووبێت یان لە بەرەنجامی سیاسەتی ڕاگواستنی دوژمنانی کورد بووە یان داگیرکاریی خێڵەکان. دیارە «ژن و ژنخوازی» لە کۆمەڵگە خێڵەکییەکان کاریگەریی لەسەر بەرینبوونەوەی قەڵەمڕەوی خێڵەکان یان بەپێچەوانەوە هەبووە، بەڵام ئەم کاریگەرییە ناتوانێ سیمای گشتیی سنووره نێوخۆییەکانی خێڵەکان واتە«نیشتمان لەنێو نیشتمان» بگۆڕێت. «زەوی و زار» و «کشتوکاڵ» چەندە مایەی سەقامگیریی ئابووریی خێڵ بوون، ئەوەندەش مایەی بەهێزبوونی پێگەی خێڵ و سەرخێڵ و دەرەبەگ بوون کە «پێوەندییە نەریتی ـ شێوەی ئاخاوتن و پێوەندیگرتن و گەشتی خوێن لە دەمارەکانی خێڵدا» فاکتەرەکانی بەهێزبوونی سنووره نێوخۆییەکان بوون. دیارە هۆزێکی کۆچەری لە ناوچەیەکەوە پەلاماری خێڵەکانی داوە و بەشێک لە قەڵەمڕەوی ئەوانیدی بۆ خۆی داچڕیوە، بەڵام لەبەرئەوەی خولیای«سەرزمینێکی تازە» یان «ئیمپراتۆری» یان لانیکەم «دەوڵەت» لە زەینی ئەم هۆزەدا هەنتەش(حضور)ی نەبووە، ئەویش تەنیا جێی خۆی لە تووناوتوونی سنووره دیاریکراو و دیارینەکراوەکان کردووەتەوە و بارێک بووە بە سەر بارەوە.

هەرچەند ئاشنایەتیی ئێمە لەتەک مودێرنیتەی سیاسی بە تاقیکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای چەپ و مارکسیزم و جۆرەکانی دەستی پێکردووە، بەڵام بەکردەوە هێزی سیاسی و ڕێکخراوی سیاسیی کورد لە لێڕوانینی سەربەخۆییخوازانەوە دۆزی کوردی نەخستە ڕۆژەڤەوە، چونکە یەکخستنی وەها مووزاییکێکی ئاڵۆزی نێوخۆیی بەو هەموو هێزە سیاسییانەی کە نوێنەری «نیشتمان لەنێو نیشتمان»دا بوون، نەدەکرا دۆزی کورد وەها فۆرمۆلە بکرێت کە بێجگە لە پێناسە کۆنکرێتییە تیۆریکەکانی مودێرنیتە، بژاردەی فەرهەنگی ـ سیاسیی کورد، توخمە تایبەتەکانی «کوردبوون» لە پڕۆژەیەکی نەتەوەییدا وەها تێهەڵکێش بکات کە بتوانین لەسەر گەلاڵەیەکی سەرەتایی، بەرەبەرە «کوردبوون» فرچک بدەین، بەپێچەوانەوە لەبەر هاوسەنگیی هێز و دۆخی سەختی جوگرافیای سروشتی و جوگرافیای حەشیمەتی کوردستان کە پڕ بوو لە سنووری «خێڵەکی ـ شێوەی ئاخاوتن» و هیچ هێزێکی سیاسیش نەیدەوێرا توخنی «نەتەوەسازیی پڕزەبروزەنگ» بکەوێت، ئیدی وردە وردە پاش بەریەککەوتنەکانی ئەم هێزانە و شەڕەنێوخۆییەکانیان، لەبەرانبەر حەزیای نەگریسی «نیشتمان لەنێو نیشتمان» کۆڵیان دا کە تا ئێستەش بەزەقی دەبینرێ و ڕۆژبەڕۆژ زەقتر دەبێتەوە. ئەم دیاردەیە کوردی بەرەو جۆرێک «خوێنبەربوونی شارستانی»[1] بردووە. داواکاری بۆ دارشتنی سیاسەتێکی فەرهەنگی و ڕێکخستنی زمان و فەرهەنگێک کە نوێنەری ئەدگار و سیمای «کوردبوون» بێت، بەکردەوە هەنگاوی بۆ نەنراوە. هۆیەکەش ئەوەیە کە «نیشتمان لەنێو نیشتمان» وەکو کەتوارێکی سەختی سیاسی، فەرهەنگی و دیمۆگرافی ئەم کارەی بەرەورووی ئاستەنگ و دژوارییەکی چەتوون کردووەتەوە.

دیار و ئاشکرایە، حزب و لایەن و هێزە سیاسییەکانمان تەنیا کارێک کە بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە کردوویانە، ڕەواییدان بەو «دێوجامە»یە بووە کە پێشتر باس کرا. واتە؛ پەیداکردنی لایەنگری زۆرتر لەنێو سنووره نێوخۆییەکاندا بۆ ئەوەی تەرازووی هێز بە لای خۆیاندا بشکێننەوە؛ بەم کارە هەرچەند ڕێکخراوێکی سیاسی دەکرا بەهێز بێ، بەڵام بەکردەوە

١. زاراوەی بەکارهێنراوی مامۆستا «مەسعود محەمەد».

لەبـــەر ئەوەی ڕەوایی بـــەو «دیۆجامە»یە دەدا، نەیدەتوانی فەرهەنگێکی سیاسیی نوێ بەرهەم بهێنێت و بەکردەوە بەپێچەوانەی دروشمەکانی، دژی بنەما ســـەرەکییەکانی «نەتەوەســـازی» و دەوڵەت ـ نەتەوە هەنگاوی دەنا.

پاشەکشەی دروشمی سەربەخۆییخوازیی کورد، لەبەر ژیۆپۆلێتیکی سەختی کوردستان و جیهانی دووجەمسەری لە سەدەی بیستەمدا، تەنیا لەبەر ئەوە نەبوو کە بارودۆخی سیاســـیی جیهان و سیاســـەتی نێودەوڵەتی لەبار نەبوو، بەڵکـــو لەوەش خراپتـــر مووزاییکی نێوخۆییی کوردســـتان بـــوو کە لەبـــارەی ئایینیشـــەوە بەشـــێک لە حەشـــیمەتەکەی لەتـــەک بزووتنــــــــەوەی ڕزگاریخوازیی کـــورددا چەندان تێکـــەڵ نەبوو و زیاتـــر لەتەک نێوەندەدا سەروســـاختی دەکرد. بۆ نموونە ئایینزای شـــیعەگەری لـــە بەشـــە شیعەنشـــینەکانی خۆرهەڵاتـــی کوردســـــتان و عەلەوییەکانـــی باکـــــووری کوردســـتان، شوناسی یەکەمیان ئایینی و شوناســـی دووەمینیان «کوردبوون» بوو. بەداخەوە خودی هێزە کوردییەکانیش نەیانتوانی خاوەنی سیاسەتێکی فەرهەنگیی تۆکمە بن یان لە خراپترین دۆخیشدا لانیکەم پێناسەکانیان لەمەڕ «ئاسایشـــی نەتەوەیی» و جۆری ئەو ناســـیونالیزمەی کـــە نوێنەرایەتیی دەکەن لە ئەدەبیاتیاندا بەڕوونی بخەنە ڕوو.

لە بارودۆخی ئێستای کوردستاندا، پرۆژەی نەتەوایەتیی کورد بەرەو لاوازی هەنگاو دەنێت. مودێرنیتەی سیاسی لە بواری «نەتەوایەتی»دا بە گوتـــەی هەندێ هێزی وەک «پارتی کرێکارانی کوردســـتان» بـــە ئاقارێکی تـــەواو پێچەوانەدا هەنـــگاوی ناوە کـــە تـــا ڕادەی ڕەتکردنەوەی «دەوڵەت ـ نەتەوە» پاشـــوپاش گەڕاوەتەوە. بە بۆچوونی بەنـــدە، ئەم ڕەتکردنەوەیەی «دەوڵەت ـ نەتـــەوە» ـ بەپێچەوانەی بانگەشـــەکانیان ـ هیـــچ پێوەندییەکی بە ســـتەمکاریی «دەوڵەت ـ نەتـــەوە»وە نیـــە. ئەگینا هەمـــووان دەزانین فۆکۆ گوتەنی:«دەســـەڵات لە سروشتی خۆیدا چەوســـێنەرە»! بەڵام ئەم دروشمە فەلسەفییە ناکـــرێ ببێتـــە دروشـــمی سیاســـیی هیـــچ سیاسەتزانێک. پرۆســـەی «بەتەوەبوون» بە بێ دەوڵەت هیچ مانایەکی نیە. ئەگەر بنبەستێکی ڕاڤە لەمبارەوە هەبێت، بنبەستی ڕاڤەی مرۆڤی کورد لەبارەی خۆیەتی نەک بنبەســـتی ڕاڤەی دەوڵـــەت ـ نەتـــەوە و تێزەکانی ناســـیونالیزم. هێشـــتا ڕێسا گشـــتییەکانی دەوڵەت ـ نەتەوە لـــە خۆرئاوا و جیهانـــی ئەمڕۆی مودێرنیتـــەی سیاســـی لە گەڕ دان و بەپێچەوانەی بانگەشەکان، ئەوە بنبەســـتی ڕاڤە و بنبەستی کەتواری فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاســـیی مووزاییکی شێواوی کوردە کە وەها جارێکی ناوەخت بـــە گوێمانـــدا دەدات. ئەگینـــا دەوڵەت لە ســـەدەی بیســـت و یـــەک و ڕەنگە لە ســـەدەکانی داهاتووشـــدا تاکە خودایەکە کە بۆ مـــرۆڤ دەمێنێتـــەوە. چونکە تاکە بەرجەســـتەبوونێکی هێزی جۆرێـــک لـــە مـــرۆڤ، تەنیا لە جۆرێک لـــە دەوڵەتدا خۆی نیشـــان دەدات و دەوڵـــەت نوێنگـــەی هێزی خودایـــی مرۆڤە. بە بۆچوونی بەنـــدە وازهێنان لـــە «دەوڵەت ـ نەتەوە» پێوەندیی بە بنبەستی ڕاڤەی بژاردەی ڕووناکبیری و سیاسیی کوردەوە هەیە کە دواجار وای لێ دەکات خۆی بە کەتوارێک بســـپێرێت کـــە درێژبوونـــەوەی دۆخێکـــی دوورودرێژی شـــیرازەترازانە کە لەبەر هەژاریـــی تیۆریک و تێنەگەیشتن لە سیاسەت وەک «هێزی یەکخەر» کە بەدڵنیاییەوە پێویستیی بە «زەبروزەنگ» لە ڕێگەی یاساوە هەیە نەک «توندوتیژی»، ئێمەی لە بنبەستی ڕاڤەدا پەستاندووە.

> **هەرچەند ئاشنایەتیی ئێمە لەتەک مودێرنیتەی سیاسی بە تاقیکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای چەپ و مارکسیزم و جۆرەکانی دەستی پێکردووە، بەڵام بەکردەوە هێزی سیاسی و ڕێکخراوی سیاسیی کورد لە لێڕوانینی سەربەخۆییخوازانەوە دۆزی کوردی نەخستە ڕۆژەڤەوە**